بومەلەرزەیەک بە گوێی 4.3 پلەی ڕێختەر تورکیای هەژاند

ئەمشەو بومەلەرزەیەکی دیکە ئیستانبوڵی هەژاند و دانیشتووانی شارەکە بەتەواوی هەستیانپێکرد.

میدیاکانی تورکیا بەاویانکردەوە، کاتژمێر 08:33 خولەکی ئەمشەو، بومەلەرزەیەک بە گوێی 4.3 پلەی ڕێختەر، ڕێژئاوای شاری ئیستانبوڵی هەژاند.

ئاماژە بەوەشکراوە، هاوڵاتییانی شارەکە هەستیان بە بومەلەرزەکە کردووە، بەبێ هیچ زیانێکی گیانی و ماددیی لێنەکەوتووەتەوە.

ڕۆژی چوارشەممە 23/5/2025، بومەلەرزەیەکی بەهێز بە گوێی 6.2 پلە بە پۆوەری ڕێختەر، ناوچەکانی نزیک دەریای مەرمەرە-ی لە تورکیا هەژاند و دانیشتووانی ئیستانبوڵ و چەند پارێزگایەکی دراوسێی تورکیا، هەستیان بە بومەلەرزەکە کرد.